مۆریس باربییە

# دەوڵەتشاری دێرین

وەرگێڕانی:
عوسمان حەسەن شاکر

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

دەوڵەتشاری دێرین

مۆریس بارییە

بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ( ١٨١٣) ساڵی ٢٠١١

لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تایپ: شانیا یوسف

تیراژ: (٤٠٠٠)

ژمارەی زنجیرە: (٢٧ )

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# دەوڵەتشاری دێرین

دەوڵەتشاری دێرینی یۆنانی یان رۆمی، بەباشترین نموونەی دەوڵەتشاری دێرین دادەنرێت، تایبەتمەندی ئەم دەوڵەتشارە، ئاوێزانبوونی دامەزراوەی سیاسی و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بوو، جودایی بواری گشتی و ژیانی تایبەتی تیایدا هیچ مانایەکی نەبوو، دەزگا سیاسیەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر سەرتاسەری کۆمەڵگەدا سەپاندبوو، کۆمەڵگاش هیچ بوونێکی سەربەخۆی لەدەرەوەی ئەو دەزگایانەدا نەبوو، دەوڵەت و کۆمەڵگا نەك تەنها هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا



نەبوو، بەڵکو لەکردەوەدا هاوتابوون و جەستەیەکی یەکپارچەیان دروستدەکرد، هەرچەندە لەزمانی یۆنانیدا وشەی (پۆلیس) بۆ دیاریکردنی دەوڵەتشار هاتووە، بەڵام هیچ وشەیەك نیە کەسنووری نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا دیاری بکات. ئەرستۆ تەنها سەبارەت بەدەوڵەتشار (polis)یان کۆمەڵگای سیاسی (Koinonia politike) قسەی دەکرد، کەمایەی سەرسوڕمانیش نیە، لەبەرئەوەی ژیانی سیاسیو ژیانی کۆمەڵایەتی بەتەواوەتی تێکەڵاوی یەکببوون. دەوڵەتشار هەموو پێداویستیەکانی ژیان و بژێوی ئەندامانی دابین دەکردو هەموو هەڵسوڕانو چالاکیەکانی ئەندامانی رەهەندێکی سیاسی هەبوو. مرۆڤەکان بەئاستی هاوولاتیبوون گەیشتبونو

نەبوونیشیان بەتەنها لەژیانی هاوولاتیبووندا کورت دەکرایەوە[١].

### ١- باڵا دەستبوونی دەوڵەتشار بەسەر تاکدا.

دەوڵەتشاری دێرین هاوکات بەپێکەوەبوونی هاوولاتیانیش پێناسە دەکرێت، واتا مرۆڤگەلێك کە لەتوانستی بڕیارگەلی پەیوەست بەژیانی کۆمەڵ بەشدارن[٢]. سەرەنجام، هاوولاتی لەبنەڕەتدا بەبەشداریکردن لەژیانی شارو لەبڕیار گەلێکدا کەئەو پابەند دەکەن‌و هەروەها بەبەشداریکردن لەچالاکی

[١] C.f societe jean Bodin,L individu face au pouvoir l partie,Antiguite,Bruxellees,de Boeck, 1989,160p

[٢] Claude Mosse, Le citoyen dans La Grece antigue,paris Nathan, 1993,128p.et politigue et societe en Grece ancienne, Le (modecle) athenien,paris, Aubier, 1995,244p



گەلێکدا کە بۆ ئەو پێویستن، دیاری دەکرێت، ئەم بەشداریکردنە لەدەوڵەتشاری دێریندا لەبنەڕەتدا لەبازنەی دەزگاکان و بوارە سەربازی و ئاییینیەکاندا بەرجەستە دەبێت، سەرەتا هاوولاتی لەکاروباری شارو دەزگا جۆراو جۆرەکانیدا (ئەنجوومەن، شورا، دادگا) بەشداری دەکات و کاریگەرییەکانی چ بەچوونە نێو بازنەی خاوەن پۆستەکان (ماژیسترەکان) چ بەدەربڕینی سەرنج و بیرورا لەمەڕ بڕیارە پێویستەکان زەمانەت دەکرد، ئەرستۆ هاوولاتی بەو کەسە پێناسە دەکات کەفەرمانەکانی وەك قازی یان خاوەن پۆستەکان بەئەنجام دەگەیەنێت و هەروەها ئەو لەو باوەڕەدایە کەئەندامێتی لەئەنجومەنی گشتیدا پۆستێکی

نیشتیمانیه[٣]، لەم سۆنگەیەوە کۆی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ رابەری و ئیدارەی دەوڵەتشار دەکەن، لەهەنگاوی دووەمدا، هاووڵاتیان لەرووی خزمەتکردنی سەربازییەوە جیا دەکرێنەوە، لەبەرئەوەی پێویست بوو لەبەرگریکردن لەوڵات و لەکارو کردەوە جەنگیەکاندا بەشداری بکات، لەمڕووەوە هاووڵاتی بەسەربازێکی هەمیشە ئامادە بۆ جەنگ دەژمێردرێت کەرەنگە واپێویست بکات گیانیشی لەو پێناوەدا ببەخشێت.

(٣) بەتێڕوانینی ئەرستۆ هاووڵاتی بە (هاوبەشیکردن لەکاروبارەکانی دەسەڵاتی قازیو (خاوەن پۆستە)کان پێناسە دەکرێت. هەروەها هاووڵاتی کەسێکە کە (لەمافی بەشداریکردن لەدەسەڵاتەکانی قەزایی و راوێژکاری بەهرەمەند بێت) بڕوانە:
Aristote, politigue, Liv.III, chap .I, paris, Les Belles Lettres,t.11,Ier partie, 1971 p. 53-54.



لەئەسیناو باقی دەوڵەتشارەکانی تری یۆنان، خزمەتی سەربازی هاووڵاتی هێجگار درێژبوو، لەسپارتە تا سنووری (٦٠)ساڵەیی دەچوو، سەرەنجام پێویست بوو هاووڵاتی چالاکانە لەژیانی ئایینی شارو لەنمایشە جۆراو جۆرەکانی وەك (جەژنەکان، سروتەکان، قوربانیەکان)دا بەشداری بکات.

ئایین پرسێکی تایبەتی نەبوو تاپەیوەندی بەڕاو تێڕوانینی تاکەوە هەبێت، بەڵکو رەهەندێکی هاووڵاتیبوونی هەبوو، وەك بەشێکی تەواوکەری ژیانی وڵات دەژمێردرا.

هەر دەوڵەتشارێك خودایانی تایبەت و ئایین گەلی تایبەت بەخۆیان هەبوو، کەبەسەر هەمووانـدا دەسەپێندرا، لەمڕووەوە لەبواری ئایینیدا ئازادی بوونی نەبووە، هاووڵاتی لەهەڵبژاردنی بیروباوەڕەکانیدا ئازادنەبوو، بەمشێوەیە لەسەر هاووڵاتی پێویست بوو

باوەڕ بەخودایانی شار بهێنێت و ئایینی باو پەسەند بکات، لەجەژنە ئایینیەکاندا بەشداری بکات و ئەرك و فرمانە ئایینیەکان جێبەجێ بکات.

هاووڵاتی بەبەشداریکردنی چالاکانەی لەژیانی دەوڵەتشاردا پێناسە دەکرێت، کەبەواتای بەشداریکردنە لەدەزگاکان و لەکاروباری سەربازی و ئایینیدا، تەنانەت هاووڵاتی ئەرك و فرمانەکانی هاووڵاتی لەدەوڵەتشاردا وەك پێناسەی خۆی تەماشا دەکات کەبەکردەوە تێدا نغرۆببوو. لەم هەلومەرجەدا، رۆڵی ئەو بەچالاکی هەمیشەیی و خۆتەرخانکردنی بەردەوامی بۆ هەر ئەرك و فرمانێك، کەئامادەگی پیشەیی سەربازی لەهەر ئان و ساتێکدا بخوازێت، پەیوەست بوو، لەم سۆنگەیەوە بوو، کە لەزۆرێك لەدەوڵەتشارەکانی یۆناندا، هاووڵاتیان نەیان دەتوانی کاری دەستی و چالاکی پیشەیی ئەنجامبدەن، هەروەها هاووڵاتیان بەشێوەیەکی گشتی



نەیاندەتوانی پیشەوەری یان بازرگانی بکەن، لەبەرئەوەی ئەمجۆرە کارانەیان بەشایستەی هاووڵاتیان نەدەزانی. لەئەسپارتە هاووڵاتیان نەیاندەتوانی کاری کشتوکاڵی بکەن، کارکردن لەسەر کێڵگەو زەویوزار هیلوتەکان پێی هەڵدەستان، هەڵبەتە لەئەسینای دیموکراتیك هاووڵاتیان دەیانتوانی جوتیار، پیشەوەر، یان بازرگان بن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بازرگانەکان لەبێگانەکان بوون.

ئەفلاتۆن و ئەرستۆ لەو باوەڕەدابوون کە لەشارە یوتوپیەکەیاندا ناتوانرێت کرێکارانی پیشەی دەستی، پیشەوەران، بازرگانان و جوتیاران بەهاووڵاتی بژمێردرێن، لەڕوانگەی ئەوانەوە، هاووڵاتیان تەنها دەتوانن سەرقاڵی ئەو کارانە بن کەشایستەی ئەوانە، واتە سیاسەت و جەنگ، کەواتە لەڕوانگەی ئەفلاتۆنەوە هاووڵاتی ناتوانێت پیشەوەر بێت (لەبەرئەوەی

ئەركێكی (....) لەئەستۆیە كەتەنها ئەو كارەی بەسە، ئەم ئەركە هەم كارو كۆششی زۆرو هەم هۆشیارییەكی فراوانی دەوێت، تاسیستمی گشتی شار زامن و پارێزراو بێت[٤] هەروەها لەدیدی ئەرستۆدا(نابێت هاووڵاتیان دابەزنە ئاستی ژیانی كرێكارانی پیشەدەستیو بازرگانانەوە لەبەرئەوەی ئەم شێوازەی ژیان خاڵیە لەپایە بەرزی و پێچەوانەی فەزیلەتە) هەروەها هاووڵاتیان (نابێت جوتیاربن(لەبەرئەوەی پەروەردەكردن لەگیانی فەزیڵەت و ئەنجامدانی چالاكی سیاسی پێویستی بەخۆتەرخانكردن هەیە)[٥] دەتوانین

---

[٤] platon, les lois, liv-vIII, 864. OEuvers completes, paris, Les Belles Lettres, 1956, t. II, 1 portie.p.91.

[٥]- Cf. politigue, Liv .vII> chap. G.op.cit, t.III, partie,1986.p.80

لەڕوانگەی ئەرستۆوە (مرۆڤ ئاژەڵێكی سیاسیە) واتە لەشار دەژیو تەنها لەشاریشدایە كەدەتوانێت بەلوتكەی توانستو بەهرەكانی بگات.



پاساوی ئەوە بۆ ئەم بڕیارانە بهێنینەوە كەوا هاووڵاتی بەهۆی سەرقاڵبوونی هەمیشەیی و بەردەوامیەوە بەئەنجامدانی ئەركەكانی هاووڵاتیبوونەوە، ناتوانێت خەریكی چالاكی پیشەیی و كرێكاری بێت، لەبەرئەوەی دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم ئەنجامدانی ئەركە بنەڕەتیەكەی.

بەڵام، سەرباری ئەم پاساوە لۆژیكیانە پێویستە قامك بخەینە سەر ئەو خاڵەی، كەهاووڵاتی بەشێوەیەكی تەواو بەهی ئەو شارە دادەنرێتو لەهەموو كاروبارەكاندا، لەدارایی و پرسی رۆژانەوە بیگرە تا بەزیهنو رۆحی دەگات، ملكەچو فەرمانبەرداری ئەو شارە بوو، لەڕاستیدا دەوڵەتشار مافی پاراستنو هەڵگرتنی سامانو دارایی هاووڵاتیانی

---

ibid, Liv.I,chap.2 op.cit.tI, 1968, p.14.

هەبوو، تەنها لەكاتی پێویستدا هاووڵاتی دەیتوانی لەو سامان و داراییە بەهرەمەند بێت. هەروەها دەوڵەتشار كۆنترۆڵی ژیانی تایبەتی هاووڵاتیانی دەكردو دەیتوانی بڕیار سەبارەت بەهاوسەرگیری، سەڵتبوون، كار، خۆراك، پۆشاك، ئەندازەی ریشیو .... دەربكات.

لەزۆر حاڵەتدا منداڵانی شێواو و كەم ئەندام دەبوایە لەناو ببرانایەو ژیانی تاك موڵكی دەوڵەتشار بوو، دەشیا هەر هاووڵاتیەك لەپێناوی پاراستنی نیشتماندا بۆ فیداكاری و گیانبازی بانگ بكرایە، هەروەها دەوڵەتشار زۆر بەوردی منداڵانی پەروەردە دەكردو پەروەردە كارانێكی هەڵبژێردراو بەم كارە هەڵدەستان. هەندێجار دەوڵەتشار جەستەو گیانی هاووڵاتیانی وەك موڵكێكی خۆی مەزەندە دەكردو دەیویست جەستەوگیانی هاووڵاتی بەپێی پێداویستیەكانی خۆی بسازێنێت، سەرەنجام لەمڕووەوە هیچ جۆرە ئازادییەك بۆدایكو



باوك نەهێڵدرابووەوە، لەبەرئەوەی وەك ئەفلاتۆن دەڵێت، منداڵان (پێش ئەوەی موڵكی دایك و باوكی خۆیان بن موڵكی شارن)[٦] خوێندن بەزۆر بوو دەبوایە بۆ هەمووانیش یەكسان بوایە. لەمبارەیەوە ئەرستۆ بەڕۆشنی دەڵێت: (لەو شوێنەوەی كەهەموو شار یەك ئامانجیان هەیە، ئاشكرایە كەدەبێت خوێندنیش بۆ هەموان یەكسان و یەك بێت و ئەركی سەرشانیەتی بۆ كۆمەڵ بێت نەك وەك پرسێكی تایبەتی سەیر بكرێت)[٧]، لەمڕووەوە ستایشی كارەكانی ئەسپارتەی دەكرد.

[٦] Cf.Les Lois, Liv. VII, 804,op.cit, p.35

[٧] Cf.politigue,Iiv.VII,chap,I,op.cit,III,2portie,1989, p.28.

هەرچەندە هاووڵاتی لەمافی هاووڵاتیبوون بەهرەمەندبوو، بەڵام سەبارەت بەشار کۆمەڵێك ئەرکی لەسەرشان بوو کەدەبوایە بەوردی ئەنجامیبدایە.

کەمتەرخەمی لەئەنجامدانی ئەم ئەرکانەدا، بەکەمتەرخەمی بەرامبەر بەشار دادەنراو ئەوانەی کەمتەرخەم بوون، بەهەمانشێوەی تاوانباران سزایان دەدرا کەهەندێکجار سزاکە قورسیشبوون. سزاکان بریتیبوون لەبێبەشبوون لەمافەکانی هاووڵاتیبوون (Atimie) لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتی بوون، دوورخستنەوە (دوورخستنەوە لەوڵات بۆ ماوەی دە ساڵ)و تەنانەت سزای مەرگیش.

تاك لەبەرامبەر شاردا هێندە بەشت وەرنەدەگیراو، دەبوایە لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی شاردا گیانی ببەخشیایە، ئەگەر بەرژەوەندییەکانی شار وا پێویستی



کرد، کەکوتەك کاری هاووڵاتی بکرێت ئەوا دەکرێتو یان دووردەخرێتەوە بەبێ ئەوەی تاوانێکی کردبێت.

لەهەلومەرجی ئەو کاتەدا، لەبنەڕەتدا وەك یەکێك لەڕەگەزەکانی شار تەماشای هاووڵاتی دەکرا. پەیوەندی هاووڵاتی بەشارەوە هەروەکو پەیوەندی بەشە بەکۆوە، بەمانایەکی رۆشنتر، هاووڵاتیو شار یەکتابوون، هاووڵاتی خۆی بەهاوشوناسی شار دەزانی، لەڕێگای شارو لەپێناوی شاردا دەژیا، بوونی تاکێتی ئەو وابەستەی بوونی شاربوو، بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی هاوسەنگ لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی شاردا مانای هەبوو، هەروەها زۆر بەتوندی رەخنە لەو هاووڵاتیانە دەگیرا کەزیاتر بایەخیان بەکاروباری تایبەتی خۆیان دەدا تا کاروباری گشتی، هەروەك ئەوەی کە دمویستن دەیکرد.

هەرچۆنێك بێت، هاووڵاتی کەبەشێوەیەکی نزیك بەشارەوە پەیوەست بوو، نەژیانی تایبەتی هەبوو،

نەئازادی تاکە کەسی، بەتێڕوانینی ئەفلاتۆن، تاکەکان بەخودی خۆیانەوە پەیوەست نین، بەڵکو خۆیان و سامان و داراییەکەشیان بەموڵکی خانەوادەکانیان دەژمێردرێت، یان واوەتر لەمەش خانەوادەو موڵك و دارایشیان هی شارە[٨] ئەرستۆش هەمان تێڕوانینی هەیە: (نابێت لەو باوەڕەدابین کەهاووڵاتی خاوەنی خودی خۆیەتی، بەپێچەوانەوە لەمڕووەوە هەموو شتێك بەشارەوە پەیوەستە، واتە هەرکەس وەك بەشێك لەشار دەژمێردرێت و سەرقاڵی هەر بەشێك بەئاڕاستەی سەرقاڵی گشتیدایە)[٩] بلوتارك مێژوو

(٨) Cf.Les Lois, Iiv. Xl, 923a,op.cit, II, 2,partie,1956,p.23.

(٩)Cf.politigue, Liv.VIII,chap.I,op.cit,tIII,2 partie,1989,p.28-29.

هەروەها ئەرستۆ دەڵێت بێگومان (...) شار بەسەر ئێمەو بەسەر خانەوادەکانماندا لەپێشترو بالاترە، لەبەرئەوەی بەناچاری گشت



نووسی بەناوبانگیش سەبارەت بەئیسپارتە جەخت لەپەیوەستی تاکەکان بەشارەوە دەکات: (هیچ کەس ئازاد نەبوو تا بەئارەزووی خۆی بژی، شار لەئۆردوگایەك دەچوو کەمرۆڤەکانی ناوی جۆرێك بەژیانی بەیاسا دیاریکراویان دەگوزەراندو سەرقاڵی کاروباری گشتی بوون. ئەوان بەتەواوی ئەوەیان قبووڵبوو کە بەنیشتمانەکەیانەوە پەیوەست بن نەك بەخودی خۆیانەوە)[١٠] لەم سۆنگەیەوە، هیچ بوارێکی

لەپێش بەشەوەیە (...) لەم سۆنگەیەوە ئاشکرایە کەشار بەشێوەیەکی سروشتی هەیەو لەسەرو تاکیشەوەیە.

Ibid.,Liv .I,chap.2 of .cit.,t.I,p 15.

(١٠)- plutarpue, l ycurgue, 24,I, in vies, paris, Les belles,1975, t.I.p.155

تایبەتی بەدەر لەبازنەی بواری گشتی شار بوونی نەبوو.

بەگوزارشتێکی تر، جیایی لەنێوان کاروباری سیاسی و کاروباری کۆمەڵایەتی، نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا، نێوان هاووڵاتی و تاك، بوونی نەبوو.

لەسەدەی نۆزدەدا(فوستك دوكولانپر) قامكی لەسەر ئەم راستیە داناو هەڵەیەك كەزۆرینەی توێژەران، سەبارەت بەدەوڵەتشارەكانی یۆنانی و رۆمی و هەروەها دەربارەی ئازادی هاووڵاتی ئەو دەوڵەتشارانە، دەیانكرد، زۆر بەجوانی شیكردەوە، ئەو لەبەشێكی سەرنجڕاكێشی كتێبەكەی (دەوڵەتشاری كۆن) (١٨٦٤) نیشانیدەدات كەبەهۆی فرە توانایی دەوڵەتشارو (دەسەڵاتی رەها)ی بەسەر تاكەكانیدا، (هاووڵاتیانیان ئاشنای ئازادی تاك



نەبوون)[١١] رۆشنە لەهەلومەرجێكی وەهادا (ئازادی تاكە كەسی نەیدەتوانی بوونی هەبێت، هاووڵاتی لەهەموو بوارەكانداو بەبێ هیچ هەڵبواردنێك (إستثناء) فەرمانبەری دەوڵەتشاربوو لەهەموو روویەكەوە پێوەی پەیوەست بوو)[١٢] خوستك دوكولانپر بەڕوونی نیشانیدەدا بەچ شێوەیەك دەوڵەتشار دەسەڵاتی خۆی لەهەموو بوارەكاندا دەسەپاندو، سەرئەنجام بەم دەرئەنجامە دەگەیشت كە (هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتشارانە، بەهیچ شێوەیەك ئاشنای ئازادی نەبوون جا چ ئازادی لەژیانی تایبەتی خۆیاندا بێت و یان ئازادی پەروەردەو فێربوون یان ئازادی ئایینی بێت)[١٣]

---

[١١] La cite antigue,paris,Hachette et cie, 1879. Liv.III, chap 18,p.265-269.

[١٢] ibid,p.265.
[١٣] ibid, p.268.

سەرئەنجام، لەدەوڵەتشاری کۆندا، مرۆڤ بەیەکجاری لەئازادی تاکەکەسی بێ خەبەربوو (تەنانەت هیچ تێڕوانینێکیشی بۆی نەبوو) بەهەرحاڵ شێوەی حکومەت هەر چۆنێك بێت (پاشایەتی، ئەشراف سالاری، یان دیموکراسی) ئازادی تاك هیچ شوێنێکی نەبوو، (ئەو شتەی بەئازادی ناوزەندی دەکەن هەمان بەهرەمەندبوونە لەمافە سیاسیەکان، دەنگدان، تەقەللای ماژستێرە(خاوەن پۆستە)کان و دەسەڵاتدارانەو شیمیانەی گرتنە دەستی خاوەن پۆستی گشتی بوو، بەڵام لەسەرێکی ترەوە، مرۆڤ بەکۆیلەی دەوڵەت دادەنرا)[14] فوستل دوکولانپر پاساوی فرە

بەتایبەتی(ئازادی بیرکردنەوە دەربارەی ئایینی شار بۆ هاوڵاتیان بەهیچ شێوەیە فەراهەم نەبووە). هەمان سەرچاوە، (٢٦٨).

(١٤)- 14Ibid,p.269 .



دەسەڵاتی دەوڵەتشاری کۆن بۆ خەسڵەتە ئایینی و پیرۆزییەکەی دەگێڕێتەوە، بنچینەی دەوڵەتشار لەسەر ئایین بونیاتنرابوو، ئایین بەپشتیوانی دەوڵەتشار دادەنرا: (ئەم دوو هێزە هاوبەش و ئامێزان بووە، دەسەڵاتێکی کەم تا زۆر سەروو مرۆییان پێکدەهێنا، کەجەستەو گیانی مرۆڤەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەودابوو)[15] دەوڵەتشار دەسەڵاتێکی رەهاو پیرۆزی هەبوو، تاك بەتەواوەتی ملکەچی ئەو دەسەڵاتە بوو،

سەرەنجام، سەردەمانی کۆن ئەوەی کەئێستا بەمافەکانی مرۆڤ ناسراوە ناناسن، جێگەی سەرسوڕمانیش نییە، لەم بارەیەوە سەیری ئەم کتێبەی ژێرەوە بکە:

Michel Villey,Le droit et Les droits de Lhomme,paris, puF,p.81-104.

(١٥) - La cite antigue, op.cit., p.256.

سەرەنجام گومانکردن لەئایین بەئازارگەیاندن بەشارو بەگوناهێکی گەورە دادەنرا.

هەندێك لەنووسەرانی هاوچەرخیش لەگەڵ زیادەڕۆیکردن لەئاڵۆزی و ناڕۆشنیدا، سەبارەت بەشوێنگەی تاك یان باشتر بڵێین، هاووڵاتی لەدەوڵەتشاری کۆندا، بەهەمانشێوە بیردەکەنەوە، لەوانە پان. ژ. زیوس قامك لەسەر ئەم خاڵە دادەگرێت کە لەیۆنانی کۆندا(پانتایی ئازادی هاووڵاتی یاساکانی شار دیاریدەکات)(ئازادی تاکە کەسی هاووڵاتی لەبەرامبەر یاسای شاردا، کەبەرژەوەندی گشتی لەبەرچاوەو نیشاندەری دەسەڵاتی دەوڵەت بوو، ملکەچ دەکات)[١٦] لەڕۆماش هەرچەندە مافەکان ڕەهەندێکی

[١٦] pan J.zepos, (L, individu face au pouvoir dans Le monde antigue Greco-romain) in L individu face au polivoir, Ire partie Antiguite, op.cit., p.89.



تاکگەرایانەی هەبوو، بەڵام بەشێوازێکی نزیك وابەستەی دەسەڵاتی سیاسی بوو، (راستە کەڕۆحی تاکگەرایانە گیانو زیندوویەتی بەکۆمەڵێك لەمافەکانی رۆمان بەخشیبوو، بەڵام هەمان ئەم مافە تاکگەراییانە نە لەدەسەڵاتی دەوڵەت جیابوو نە لەپێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان)[١٧]

هێنری وان ئەڤێنتێریش لەو بڕوایەدابوو کە لەئەسینای دیموکراتیکی سەردەمی پریکلس، ((ئازادی (eleutheria)، پەیوەستبوون بەدەوڵەتشار (politea)وە بەکردەوە تێکەڵاوی یەکببوون.

[١٧] ibid., p. 91-92.

(...) هاووڵاتی لەرێچکەی دەوڵەتشاری بوونیەوە، لەمافەکان بەهرەمەند دەبوو))[١٨] هەڵبەتە ئەویش ئەم خاڵە دەسەلێنێت کەلەسەردەمی هلنیستیدا، جیاوازی لەنێوان مافەکانی هاووڵاتیبوون (واتە مافەکانی هاووڵاتی)و مافە مەدەنیەکان (واتە مافەکانی تاك) وردە وردە دەردەکەوت بەهەمانشێوە ئەگەرچی لەدەوڵەتشارە کۆنەکانی پێش سەدەی پێنجەمی زایینی، بەشێك لەگروپە کۆمەڵایەتیەکان لەمافە تاکە کەسیەکان بەهرەمەند بوون، بەڵام ئێستا لەنێوان پانتایی تایبەتی و پانتایی گشتیدا جیاوازی نیە، (هەر چەندە دەتوانرێت لەناو دەقەکان و نوسراوە یاساییەکاندا جیاوازی لەنێوان ئەوەی کەتایبەتیو

[١٨] Henri van effenterre, (les degrees de la liberte dans las cites grecgues), in L individu face au pouvoir, Ier partie, Antiguite, op.cit., P.97-98.



ئەوەی کە گشتیە بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەم جیاوازییە، بەهیچ شێوەیەك بەدیاریکردنی پانتایی تایبەتمەندی ژیانی تایبەتی کەسەردەمانێك پێویست بوو لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا بەرگری لێبکرایە، سەرقاڵ نەبوو)[١٩] .

[١٩] Ibid., p. 102-103.

## ٢- رووبەڕووبوونەوەی تاك لەگەڵ دەوڵەتشاردا : هەوڵەکانی سوقرات

رووداوەکەی سوقرات بەجوانی سروشتی دەوڵەتشاری یۆنانی نیشاندەدات، بەشێوەیەکی خەمئامێز نیشانیدەدا کەتاك لەپەیوەند بەدەوڵەتشارەوە هیچ جۆرە سەربەخۆییەکی نیە، ئەم رووداوە لەم تێڕوانینەوە زیاتر ئەوە نیشاندەدات کەدادگاییکردنی سوقرات لەساڵی (٣٩٩)ی پێش زایین، لەکاتێکدا روویدا کەدیموکراسی لەئەسینا جێ پێی قایمکردبوو. بەهەرحاڵ فەیلەسوفیان لەبەرئەم هۆیە سەرزەنشتکرد، کەتاوانێکی دژ بەئایینی دەوڵەتشار ئەنجامداوە، لەم سۆنگەیەشەوە واتا بەرامبەر بەخودی دەوڵەتشار تاوانی ئەنجامداوە، لەڕاستیدا سوقرات بەناباوەڕی بەخودایانی دەوڵەتشارو بەباشتردانانی



خودایانی نوێ و باڵاترکردنیان بەسەر خودایانی دەوڵەتشاردا تۆمەتبارکرا، هەروەها بەرێ لادابردنی لاوان (بەو مانایەی کەهەڵگێڕانەوەو دوورخستنەوەیان لەخودایانی دەوڵەتشارو سەرەنجام کردنیان بەهاووڵاتیانێکی ناپەسەند) هەرچۆنێك بێت لەسۆنگەی ئەم هۆکارەوە کەزۆر بەترسناك لەقەڵەمدران، سوقرات لەئەنجامی دادگاییکردنێکی ئاسایی و بەزۆرینەیەکی لاواز (٢٨١) دەنگ لەکۆی (٥٠٢) دەنگ حوکمی مەرگی بەسەردادرا.

سوقرات، بەگوتەی هاوڕێبازانی-ئەفلاتۆن و گزنفون- تۆمەتی باوەڕنەبوونی بەخودایان پەسەند نەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە رایگەیاند کەباوەڕێکی پتەوی

پێیان هەیە.[٢٠] سوقرات لەپێناوی سەلماندنی ڕەوابوونی خۆیدا لەسروشتی خودای دلف پاڕایەوە کەئەرکێکی پێ بسپێرێت و دەبوایە فەرمانی لەو وەربگرتایە، بەمشێوەیە، سوقرات سەرباری وەفاداری بۆ خودایانی ئەسینا، خودایانی بێگانەی کەپێی بالاتربوو، پەیوەست

---

(٢٠) بەگوتەی ئەفلاتون، سوقرات بەقازییەکانی وتووە: (گەرچی هیچ کەسێك لەوانەی منیان تۆمەتبار کردووە، باوەڕناکەن، بەلاّم من باوەڕم بەخوداکان هەیە).

بڕوانە:

Ologie de socrate, oeuvres complets. Poris, les bells lettves, t.I1963.p.265

هەروەها بەگوتەی گیزنەفون(سوقرات لەبارەی ئەوەی کەسەبارەت بەخودا لادەرو سەبارەت بە مرۆکانیش بەستەمکار دەژمێردرا زۆر هەستیار بوو) بڕوانە:

Apologie de socrate, oeavres, paris, Garnier-Flammarion, 1967, t, III, p.265



بوو پێیانەوە. لەم سۆنگەیەوە ئەوی لەبەر ئەم هۆیە سەرزەنشت دەکرد، کەخودایەکی بێگانەی پەسەندکردووەو خوازیاری دانانی بووە لەجێگای خودایانی شار، هەڵبەتە ئەمەش بەتاوانێکی گەورە بەرامبەر بەشاردادەنرا. لەڕاستیدا، سوقرات بەم هەڵسوکەوتانەی ڕێگای جیایی لەئەسینای هەڵبژارد، تائیلهامی خۆی لەبەرامبەر خواوەندی بێگانە لەشوێنێکی تر پیادە بکات، ئەو لەبەرامبەر خودایانی ڕەسمیدا لەخودای تایبەتی خۆی تکای کردبوو کەبەراگەیاندنی پەیامێکی کەسی، ئەرکێکی تایبەت بەئەو بسپێرێت، پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت، سوقرات نەیدەویست ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بگێڕێت و دەشیویست سەرقاڵی چالاکی کۆمەڵایەتی بێت لەشاردا، لەڕاستیدا، ئەو وەك تاکێکی جیاوازو سەربەخۆ

ڕەفتاری دەکرد لەشاردا، خوازیاری بونێکی تایبەتمەندو سەربەخۆ لەشاربوو.

لێرەوە کەوەها ڕەوشێك ڕەهەندێکی کەسێتی هەبوو بەگرفتێك بۆ شار دادەنرا، نەدەکرا لەلایەن شارەوە پەسەند بکرێت.

ئەو ئەرکەی بەسوقرات سپێردرابوو، دیسان هەمان مانای هەبوو، لەبەرئەوەی لەسەر پایەی بیرکردنەوەی تایبەتیو کەسی دامەزرابوو، زهنیەتی ڕەخنەگرانەی بەکاردەهێنا. فەیلەسوف بەگەڕانەوە بۆ سروشتی خودایی بەڕۆشنی بەدادگاییکەرانی دەوت: (خودا ئەم ئەرکەی بەمن سپارد کە بەفەلسەفە لێدانو بەتوێژینەوە دەربارەی خودو ئەوانی تر، هەڵسوڕێم)[٢١] بەهەرحاڵ بەو شێوەیەی کەسوقرات سەبارەت

[٢١] platon, Apologie de Socrate, op,cit .,p.155



بەپێویستبوونی پەیڕەویکردن لەدەستووری خواوەند باوەڕداربوو، ڕێنمایی توانستی دەروونی ئەوی دەکرد، بەبیرکردنەوەو داوەریکردن لەسەر بنەمای فیکری خۆی دەستیپێکرد، بۆی ساغ بۆوە کەهۆشمەندی ڕاستەقینە، بریتیە لەپەیبردن بەنادانایی خودو هۆشیاری سەبارەت بەسنووردارێتی خود داناییە، ئەو دڵنیایە زۆرینەی هاوشارییەکانی کەبەدانایی خۆیانەوە دەنازن لەم داناییە بێبەشن (بەئەزمونکردنی ناودارترین ئەوانەی پەیڕەوکارانی بیرکردنەوەی ئەو خودایەن، بۆم ئاشکرابووە کەجگە لەهەندێکی کەمیان نەبێت، هەموویان ڕێگەی هەڵەیان گرتووە، لەحاڵەتێکدا کەئەوانی تر هەمان ئەو کەسانەی کە بەزۆری بەژێر دەستە دەژمێردرێن- بەبڕوای من

مرۆڤگەلێکی باشتر)[٢٢] سوقرات سەرەتا دروستی تێڕوانینی خۆی لەبارەی سیاسەتمەداران و پاشان لەبارەی شاعیران و پیشەوەران نیشاندا، بەم کارەی دوژمنایەتیەکی زۆری بۆ خۆی پەیداکرد، بەدەر لەکەسەکان، ئەو سەبارەت بەنەریتە باوەکانو بەها جێکەوتووەکانیشی، بەگومان و دڕدۆنگیەوە تێیدەڕوانی. لەڕاستیدا، سوقرات کاری بۆ لەناوبردنی دەوڵەتشار دەکرد کەپایەکانی کەوتبوونە لەرزینو مەترسیش کەوتبووە سەر سەقامگیرییەکەی. سەرەڕای ئەمەش، لەناو لاواندا گوێگرانێکی پەیدا کردبوو کەلاسایی ئەویان دەکردەوە (تۆمەتبارکردنی بەتاوانی بەلاڕێدابردنی لاوان لێرەوە سەرچاوەی دەگرت) لەڕاستیدا، سوقرات بەفەلسەفە لێدان، واتە ئازادانە

(٢٢) ibid., p.146.



بیرکردنەوەو هەموو شتێك خستنە ژێر پرسیارەوە، مافی ژیانی وەك تاك-لەبەرامبەر شارو لەحاڵەتی پێویستیشدا لەدژی شار- داوا دەکرد، هەرچۆنێك بێت ئەو بەبیرکردنەوەی ئازادو رەخنەگرانە خۆی لەشار جیاکردەوە، خۆی لەکۆت و پێوەندەکانی رزگارکرد، بەمشێوەیەش بوونی ئازادو سەربەخۆی خۆی بەدەستبێنێت.

بەتێڕوانینی سوقرات، ئەم ئامانجە رەهەندێکی رەهای هەبوو، لەبەرئەوەی هەم سەرو شاربوو، هەمیش روو وەرگێڕان لێی ئەستەم بوو، بەهەرحاڵ سوقرات بەهیچ شێوەیە نەیدەتوانی چاو لەفەلسەفە لێدان بپۆشێت، لەبەرئەوەی کارێکی وەها، جگە لەڕەتکردنەوەی خودو دەستهەڵگرتن لەکۆششکردن بۆ خودو هۆشیاری، هیچ مانایەکی تری نەبوو، ئەو تەنانەت لەو باوەڕەدا بوو کەکارەکەی گەلێك سوودی

بۆ شار هەیە، لەمڕووەوە دەیگوت: ( وابیردەکەمەوە کەهەرگیز هیچ دەرفەتێکی سودبەخشتر جگە لەجۆش و خرۆشی من زیاتر بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە نەهاتووەتە پێش)[٢٣]

لایەنی رەهای تێڕوانینی سوقرات بەدوو شێواز پشت راستکرایەوە:

یەکەم بەقبوولْکردنی مەرگ و دووەم بەگەڕانەوە بۆ بەرنامەی ئیلاهی، لەڕاستیدا سوقرات لەسەرێکەوە مەرگی لەوازهێنان لەئەنجامدانی ئەرکەکەی، پێ باشتربوو، هەروەها، لەم رووەوە ئەو لەمردن نەدەترسا کەهیچ کەس نازانێت مەرگ چیەو ناتوانێت بلێت خراپەیە یان چاکەیە، بەهەرحالْ، سوقرات هیچ دوو دلْ نەبوو لەوەی کەژیانی بخاتە بەر هەڕەشەی

[٢٣]-Ibid., p. 157.



مەترسی و مەرگ قبوولْ بکات، تابایەخ و بالآتربوونی بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی سەبارەت بەجیهان و شار نیشانبدات، لەسەرێکی تریشەوە، لەپێناوی ئاڕاستەکردنی تێڕوانینەکەیدا پەنای بۆ دەستووری ئیلاهی برد، لەبەرئەوەی رەهەندێکی فراوانی هەیەو بەسەرئەویشدا هەروەك ئەوانی تر دەسەپێندرێت و ناشتوانرێت سەرپێچی لیْ بکات، بەمشێوەیە سوقرات بەڕاگەیاندنی خەسلْەتی ئیلاهی بەرنامەکەی، لەڕاستیدا هەم لایەنی پیرۆزی بەرنامەکەی و هەم ئەستەم بوونی دژایەتیکردنی بەرنامەکەی نیشاندا، لەم سۆنگەیەوە راشکاوانە بەدەستەی دادگایی کارانی گوت: (من لەئێوە زیاتر ملکەچی فرمانەکانی خودام، بەلْیْ دلْنیابن کەتا دوا دلْۆپی خوێنی ژیانم و تائەوەندەی بتوانم لەفەلسەفە لێدان، لەڕێنومایی و لەوانە وتنەوەی

پەروەردەیی بۆ هەر یەکێك لەئێوە واز لەڕێبازو ڕێگای خۆم نەهێنم)[٢٤] .

لەڕاستیدا سوقرات بەهەڵسوکەوتێکی لەو چەشنە، سەربەخۆیی کەسێتی خۆی لەهاووڵاتیان و لەکۆمەڵێ دەوڵەتشار داوادەکات، هەڵبەتە نارەزایەتی بەرامبەر بەرێکخراوی دەوڵەتشار، لەرزاندنی کۆڵەکەکانی، بەهەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر دەوڵەتشار دەژمێردرا، هەر چۆن بێت، قسە لەسەر رووبەڕووبوونەوەی بنەڕەتی تاك و شار بوو، بەو جۆرەی کەتاك لایەنی ژیان و بیرکردنەوەی ئازادانەی هەبوو، شاریش نەیدەتوانی ئەم مافە وێران کەرەی پێ ببەخشێت، ئەم راستیە، حوکمدرانی سوقرات بەمەرگ و لەسێدارەدانی، واتە دەرکردنی جەستەیی و یەکجارەکی سوقرات لەشار

[٢٤]-ibid., p.156-157.



رووندەکاتەوە، سەرباری هەموو ئەم راستیانە، پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین، کەحوکمدانی ئەو بەتێکڕای دەنگەکان نەبوو، بەڵکو بەزۆرینەیەکی لاواز دەنگی لەسەردراو، هەروەها ئەوەش رووندەکاتەوە کە لەئەسینای ئەو رۆژگارەدا، کەمینەیەکی بەرچاو تێڕوانینەکانی ئەویان پێ پەسەندبوو، یان لانیکەم بۆ شاریان بەپەسەندو قبوولکراو دەزانی.

سوقرات خۆی بەتاوانبار دانەدەنا، سەبارەت بەحوکمدانەکەشی هیچ باس و بەدواداچوونێکی نەکرد، لەکاتێکدا یاسا ڕێگەی ئەم کارەی پێدەدا) هەروەها داوای گۆڕینی حوکمەکەی بۆ دوورخستنەوە نەکرد، هەروەك چۆن خۆی لەهەڵهاتن بەدوورگرت، هەرچەندە بەیارمەتی دۆستەکانی دەیتوانی هەڵبێت، سەباری ئەمەش جێبەجێکردنی حوکمەکە-واتە خواردنەوەی ژەهر پێویستی بەبەشداری چالاکی ئەو

هەبوو، ئەو بەدەستی خۆی خودی خۆی لەناودەبرد، هەڵسوکەوتی سوقرات تەنها بەڕووکەش مایەی سەرسوڕمان بوو، لەبەرئەوەی پێویستە ئەوە بزانین کەسوقرات لەمردن نەدەترسا، کەڕەنگە بەچاکە بۆی بشکایەتەوە، بەتایبەتی بەقبووڵکردنی مەرگ، خودی خۆی وەك تاك لەبەرامبەر شاردا سەلماندو ئەم کارەشی بەشێوەیەکی رەهاو یەکجاری کەقابیلی هەڵوەشاندنەوە نیە ئەنجامدا، هەڵبەتە ملکەچکردنی ئەو بۆ یاساکانی شار بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەسوقرات بەچاوی گومانو دردۆنگییەوە لەشاری دەڕوانی مایەی سەرسامیە، بەڵام دەبێت هۆکاری ئەم کارە بگەڕێنینەوە بۆ ئەو راستیەی کە ئەوجگە لەم کارە نەیدەتوانی بەشێوەیەکی تر هەڵسوکەوت بکات، ئاشکرایە کەسوقرات نەیدەتوانی سیستمی ئەسینا سەرنگون بکات، پەناشی بۆ هەر شارێکی تر ببردایە رووبەڕووی



هەمان سیستم و کێشە دەبۆوە، لەم سۆنگەیەوە وای پێباشبوو لەئەسینا بمێنێتەوەو حوکمی مەرگەکەی قبووڵ بکات، تابەمشێوەیە بۆخودی خۆی وەفادار بمێنێتەوەو پەیامەکەشی تاکۆتایی بەئەنجام بگەیەنێت.

سوقرات بەمردنی بوو بەنموونەی تاکێك کە لەپێناوی خودی خۆی و سەربەخۆ لەشار ژیاو بوونی هەبوو، بەڵێ، فەیلەسوف گیان بەختکردنی لەپێناوی سەلماندنی بەها گەلێکی باڵادا، قبووڵکرد، بەڵام نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین، کەمەرگی ئەو بەشکست بۆ دەوڵەتشار دێتە ژماردن، لەبەرئەوەی بوونی کەماسییەکی بنەڕەتی، بەمانای بێ توانایی لەبەڕەسمی ناسینی تاك وەك تاك و قبووڵکردنی ئازادی بیرکردنەوە دەگەیاند. خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کەئەم کەماسییە لەئەسینا دەرکەوت، کەهەرچۆنێك

بێت خاوەن رژێمێکی دیموکراتیك بوو، سوقرات لەوێ لەهەندێك پشتگیری و کۆمەك بەهرەمەند بوو، بەهەرحاڵ ئەم کەماسییانە بەشێوەیەکی تایبەتی لەباقی دەوڵەتشارەکانی یۆنان و بەشێوەیەکی گشتیش لەدەوڵەتشارە کۆنەکاندا بوونی هەبوو.

فوستل دوکولانپریش تێڕوانینی سوقرات بەهەمانشێوە شرۆڤە دەکات و بەقامك دانان لەسەر بونیادی ئایینی دەوڵەتشاری یۆنانی، رەهەندێکی نوێگەرانەو تەنانەت نارەزایەتی ئامێزی ئەم تێڕوانینە نیشاندەدات، بەتێڕوانینی ئەو، لەڕاستیدا سوقرات نەریت و عورفە داسەپاوەکانی ئایین رەتدەکاتەوەو لەپێناوی دۆزینەوەی راستی و ئەنجامدانی کاری چاکە داوای کۆمەك لەویژدانی تایبەتی خۆی دەکات، (ئەو راستی لەسەروو عورف و عەدالەتیش بەتەواوکەری یاسا نیشاندا، ئەخلاقی لەکۆت و پێوەندی ئایین رزگار



کردو نیشانیدا کەبنەمای کار رەگوڕیشەی لەگیانی مرۆڤدایە، ئەو بەم کارە بیەوێت یان نەیەوێت، چووە جەنگی ئایینەکانی شارەوەو ئایینێکی جیاوازی لەئایینی شار دادەمەزراند)[٢٥] ، بەڵام فوستل دوکولانپر قامکی لەسەر ئەم خاڵە دانەنا کەسوقرات سەربەخۆیی و ئازادی بیرکردنەوە لەلایەن ئەوەوە راگەیاندرابێت، بەڵام پی پەرهادو رایگەیاند کە (سوقرات بەیەکەمین تاکی مێژووی فیکری رۆژئاوا دادەنرێت)[٢٦] بەتێڕوانینی ئەو بەکردارەکەی سوقرات، لەڕاستیدا تاك خودی خۆی لەبەرامبەر شارو لەدژی شار سەلماند: (مانای قووڵی دادگایکردن و مەرگی سوقرات ئەوەیە، کەنیگەرانی لەچارەنووسی تاکەکەسی ناتوانێت پاساوی

[٢٥]- la cite ontigue, op.cit., p.420
[٢٦]-pierre hadot, Eloge de socrte, paris, Allia, 1998,p. 39.

نائاگایی لەپەرەدان بەکێشمەکێش لەگەڵ دەوڵەتشاردا بێت)[٢٧] کێشەکەی سوقرات سروشتی راستەقینەی دەوڵەتشاری دێرینی بەجوانی دەرخست، بەڕۆشنی نیشانیدەدات کەئەم دەوڵەتشارە نەیتوانی ئازادی تایبەتی و بوونی سەربەخۆی تاك قبووڵ بكات.

دەوڵەتشاری دێرین-تەنانەت دیموکراسیش- جیاوازی بواری تایبەتی و بواری گشتی، هەروەها جیاوازی دەوڵەت و کۆمەڵگەی نەدەناسی و پەسەند نەدەکرد، بەمشێوەیە پێناسەی دەوڵەتی پیش مۆدێرن، واتە کۆمەڵگەی هاووڵاتیان کە لەودا تاك بوونێکی تایبەتی نەبوو بەتەواوەتی لەبارەی ئەویشەوە دروستبوو، پرسەکە لێرەدایە، ئەسینا بەحوکمدانی سوقرات بەمەرگ تەنها بەبەرگیریکردن لەئاییینی رەسمی وازی

(٢٧) -Ibid., p. 33.



نەهێنا، بەڵکو لەڕاستیدا مۆدێرنێتەی سیاسی رەتکردەوە، هەرچۆنێك بێت دیموکراسی ئەسینا خۆی لەبەرامبەر هەوڵی بەدیهاتنی مۆدێرنێتەی سیاسیدا بینیەوە، بەڵام بەئاشکرا خۆی لەقبووڵکردنی دەپاراست، بێگومان بەدەر لەمە نەیدەتوانی کارێکیتر بکات. رێبازی ئەسینا بەهایەکی مەزنی هەیەو نیشانیدەدات کەبەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتشاری دێرین بەمودێرنێتەی سیاسی نامۆ بووە.

## سەرچاوە

مدرنیتەی سیاسی، موریس باربیە،

ترجمەی، عبدالوهاب احمدی، **مؤسسەی** انتشارات **آگاه**، تهران،

۱۳۸۳، (۲۰۰٤ زاینی).

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. بڵاوکراوەکان | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | نووسینی: | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان - سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگـــــەی میـــــدیا لەهەڵبژاردنی سـەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهـــانگیری ، فاکتـــەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فرید اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنـە، ئیسلام لەبـــەردەم ئەگـــەری عەلمانیەتدا | ن. محمـــــد رەزا شالگونی و. عوسمـــان حســـن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاســـەتی رووخســـاری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بـــەختیار جـــەبار شاوەیس | ٢٠١١ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨١ | ٢٠ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵلا عەنزی و. ســـــەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٢٢ | کـوردو پرسـی دانپێـدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٢٨٤ | ٢٣ | تیرۆریـــزم هەڕەشـــەو مەترسیەکانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | ٢٤ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | ن: ئاستین کلاین و. کاوسێن بابەکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | ٢٥ | مـــۆدێلی حزبایـــەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | ٢٦ | فلســـفة الديمقراطيـــة الاجتماعية | د. حميد عزيز ترجمـة: محسن بـني ويس | ٢٠١١ |

## لەبڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوکراوەکان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاکم قادر حەمەجان عزیز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ک) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | الدولية | | |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە: یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية: احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | د. کوردۆ عەلی | |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردى | ماموستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت، زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە (١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارب<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان ژ. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية | د. حميد عزيز | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ت: محسن بنی ویس | ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | |